# گروپی ڕاچەنین ، دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووسان مەحکوم دەکات

بەبێ گوێدانە هیچ بنەمایەکی مافی مرۆڤ و ئازادی ڕۆژنامەگەریی و تەنانەت بەبێ گوێدانە ڕێنماییەکانی سەرۆکی حکومەت و وەزارەتی ناوخۆ دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان درێژەی هەیە و ئەمەش ئەوەندەی تر ئاماژەی خراپ لەسەر ئازادی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ ئەدات .

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا جارێکی تر لە هەڵەبجەی شەهید و گەرمیان چەند ڕۆژنامەنووسێك بە تۆمەتی تەشهیرکردن لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراون و بەداخەوە بەهیچ جۆرێك گوێ نەدراوە بەو ڕیچنمایانەی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە ، ئێمە وەك ڕۆژنامەنووسانی گروپی ڕاچەنین دوپاتی دەکەینەوە کە دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووس بە هەر تۆمەتێکی پەیوەندیدار بەکاری ڕۆژنامەنوسی مەحکوم دەکەین و لەم بۆنەیەشدا داوا لە پەرلەمان و حکومەت دەکەین کارکردن بە مادەکانی ( 433 و 434 ) لە دادگاکاندا دەرهەق بە ڕۆژنامەنووسان ڕابگیرێت ، هەروەها داوادەکەین کە بە زووترین کات هەردوو ڕۆژنامەنووس ( لاوان ئەحمەد . سەرنووسەری ڕۆژنامەی گەرمیانی ئەمڕۆ وریابازئەحمەد پەیامنێری ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە هەڵەبجەی شەهید ) کە لە لایەن پۆلیسەوە دەستبەسەر کراون ئازاد بکرێن و وەك ڕۆژنامەنووس مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت نەك وەك تاوانکارێکی جینایەتکار .

گروپی ڕاچەنین

2007-7-11